# پێغەمبەری ئیسلام وشیزۆفرێنیا

تەها ئەمین هەڵەدنی

شیزۆفرێناش وەک ئیسلام چەند بەشێکە،هەروەک سننە،شیعە، حەنەفی، شافیعی. شیزۆفرێنیاش مەترسیدارو مەترسیدارترینی هەیە، کە ڕەنگە کەسێکی تر لەناو بەرێ،یا خۆی بکوژێ، یا بەئازاری کەسانیتر چێژ وەربگرێت.

شیزۆفرێنیاش وەک ئیسلام لە قۆناغی سەرەتایدا مەترسیدار نیە،چونکە خاوەن دەسەڵات نیە، تەنها مینجە مینجێکی بێ مەترسیە.

مرۆڤ کاتێک تووشی شیزۆفرێنیا دەبێ کە توانای دەسەڵاتی بەسەر هەستەکانیدا لاواز دەبێ. یان بە تەواوی لە دەستی دەدا.

واتا: کەسە تووش بوەکە بەهەڵە ووتەی بەرانبەرکەی وەردەگێرێت،ئیتر ئەگەر قسەبێت یا سیمبولێکی پەیوەندیکردبێ.

بۆ نمونە سڵاوکردن بە هەرەشەی کوشتن دەخوێنێتەوە،یا چاوداگرتن لە سیمبولی خۆشەویستە بە خێسە دەخوێنەیتەوە.

واتا: وەرگێڕانی تێکست بە هەڵە.

بەڵام قۆناغە سەرەتاییەکەی شیزۆفرێنیا هێندە جیاوازی نیە لەگەڵ وەرگێڕانی ڕاستیدا، هەروەها تووشبوەکەش بەتەواوی دڵنیا نیە لەوەرگێڕانە هەڵەکە.

تووشبوەکە لە نێوان باوەڕکردن و نەکردندایە جا تێکست بێ سیمبول.

ئەم قۆناغە سەرەتاییەش توشی مرۆڤی تەمەن 18 ساڵ تا 25ساڵی دەبێ کە پێی دەووتری سیمپلیکسفۆرم. بەڵام زۆر مەترسیدار نیە وەک لەوەی کە تووشبوەکە تەواو قاو بێتەوە،وەک ئەوەی کە بە تەواوی تەرجومەی فەرمانەکان بە هەڵە بکا.

بۆ نمونە: کەسێک داوای ماچێکی تەڕی شیرین دەکا لە خۆشەویستەکەی، بەڵام تووش بوەکە کە گوێی لە داوای ماچەکە دەبێ، بەهەڵە داوای داوکارەکە وەردەگێڕێت. تووش بوەکە وادەزانێ کە داواکەرەکە ووتویە کە بە چەقۆیەکی کول وەک( نیکلاس بێرگ، ئیسلامیەکان لە عێراق سەریان بڕی) سەریدەبڕێت. ئەو هەڵە وەرگێڕانەش دەیخاتە سەنگەری بەرگریەوەو خۆی ئامادەی جەنگێکی بێ ئەنجام دەکا.

ڕەنگە ڕێبکەوێ کە ئەو کەسەی داوای ماچی کردوە، دەمی بکاتەوەو چاوی بنوقێنێ تا ماچێکی تەڕی شیرین نۆشبکا، بەڵام لە جێگەی ماچێک چەقۆیەکی تیژ ئاودیوی گەروی بکرێت.

ئەگەر بێتوو لە سەرر ماتۆرە گەڕۆکەکان تەنها وشەی سیزۆفرێنی بنووسی ئەوسا دەزانی کە هەزارەها ڕوداوی سەیرو سەمەرە دەخوێنیتەوە. بەداخەوە کە سەرجمیشیان ڕاستن و دروستکارو نین.

هەرگیز ناوێرم کە بڵێم محەمەدی کوڕی عەبدوڵا تووش شیزۆفرێنیا بوەو چارەسەری نەکراوە، بۆیە بە هەموو قۆناغە مەترسیدارەکانی شیزۆفرێنیدا تێپەڕیوە. بەڵام کۆمەڵێ ئایە بە پێی فاکتی دەروناسان ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە وابوە.

چونکە دەروناسەکان ئەڵێن شیزۆفرێنیا بەکەسێک دەوترێ کە چەند کەسایەتیەک لە کەسێکدا کۆبێتەو پێکەوە فەرمان لە مێشیکەوە بۆ تەنیا کەسێک دەردەکەن. دەتوانین بەکورتی بڵێین کە قسەکانی سەروبەریان نەبێ، کردەوەکانی لە ئاستێکدابێ خۆشی نەزانی چی دەوێ و چی دەکا. قورئانیش هەمان دیدو پەسەنی تێدا دەرئەنجامگیری دەکرێت. بۆنمونە قورئان سورەی کافرونی6 لكم دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ئەڵێ دینی خۆت بۆ خۆت، دینی منیش بۆ خۆم.

واتە مرۆڤ ئازادە چ بیرێک هەڵبژێرێت گا پەرست،مانگا پەرست،زەردەشتی یەهودی، کریستیان، ئیسلام. جوانە ئەم دێڕە سەربەڕێبازی دیموکراسیەو لەهەمان کاتیشدا شارستانیە،چونکە کەڵەگایی تێدا بەدی نەکرێت،مرۆڤی ئازاد کردوە کە سەر بەچ ڕێبازێک بێ.

هەروەها سورەیمانگا 256لإِكْرَاهَ فِي الدِّينِ هەمان ڕێبازی گرتۆتەبەر کە باوەڕەکانیتر دەپەرژێنێ و کینەیەک دروست نابێ کەچ ئاینێک پیادە بکرێت. چونکە مرۆڤ دڵنیا دەکات کە ئەو دینەی هەڵبژێردراوە،هەرچیەک بێ قێزووەن نیە.

بەڵام شیزۆفریناکەی محەمەد گۆڕانکاری بەسەردا دێ ،چونکە چارەی نەخۆشیەنەکراو لێی پیس کرد.محەمەدیش ئەوکاتە لەتەمەنی 15 تا 18 تێپەڕیبوو. بۆیە بەپێی فاکتی دەروونناسان ئەگەر چارەی نەکرا ئەوا دەردە دەرونیەکی پێدەنێتە قۆناغیێکی مەترسیدارتری نەخۆشیەکە،کە قۆناغی دەستوەشاندن یا خۆکوژیە،هەڵبەت مێژوو نووسان سەرجەمیان نووسیوویانە کە محەمەد چەند جار هەوڵی خۆکوژی داوە.بەڵام ئایەیتۆبة 29قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ. ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئیتر محەمەد ئەوەی دەیبیستێ ئەو ووتەیە نیە لە لا ڕاستیدا بیستویە. بەڵکوو محەمەد لەمەودوا وێنەکانیش بە هەڵە دەخوێنێتەوە. ڕەنگەکانیش لە دیدی ئەودا جیاوازیان نامێنێ،ئیتر ئەو ڕەشوو سپی وەک یەک دەبینێ. هەرچەند لە ڕاستیدا محەمەدی پێغەمبەری ئیسلامیەکان سەرەتای تووشبوننی دەگەڕێتەوە بۆسەردانەکانی ئەشکەوتی حەڕڕا،چونکە لەوێوە بۆیەکەم جار  گوێی دەزرنگێتەوەو لەهیچەوە گوێی لە کەسێکێکی نادیار دەبێ، کەپێی ووتوە بخوێنە. ڕەنگە لەترسی ئەشکەوتیش بووبێ کە گوێی زرنگاوەتەوە،چونکە ئەشکەوت لە خۆیەوە ترسدەخاتە دەروونی مرۆڤەوە.( لەدەرووبەری گریانەی پشتی هەڵەنجەی شەهید تووشی پۆلێ پێمیم ی ن ک هاتین لەناویاندا ئازادە سوور هەڵەدنی ئامۆزامیشایان لەگەڵدا بوو. پاش چاکو چۆنی:ووتی گوێبگرە تازەترین بەهێزترین نووکتە،سەرجەممان20 پێمیم دەبووین بە حشع و ی ن ک کانەوە،ئازاد ووتی:3 هەفتە پێش ئەمڕۆ بابەشێخ سەرتیپەیەیان پشکۆی سەعید ناکامی هەڵستاندەوە بۆ چاودێری شەو، بەڵام لەبەر ئەوەی پشکۆ تازە بوە بە پێمیم،بابەشێخ لێی دڵنیا نەبوە بۆیە باش چارەکێک هەستاوە تەماشا دەکا پشکۆ پشتی کردۆتە دەرەوەو ڕووی لە ناوەوەی چادرەکەیان کردوە.

بابەشێخ زۆی لا سەیر دەبێ ئەڵێ برادەر ئەوە چی دەکەی تۆ دەبێ تەماشای دەرەوە بکە نەک ناوەوە. سەلامەتی گیانی 20 پێمیم لەدەستی تۆدایە!

پشکۆ لە وەڵامدا ووتویە: بابەشێخ بەخوا من بە ڕۆژیش ناوێرم تەماشای ئەو کێوە بکەم نەخوازەڵا شەو)!

بنیانەری ئیسلام پێدەنێتە قۆناغێکیکەی نەخۆشیەکیەوەو لەبیری دەچێ یا ئاشکرا تر بڵێین دیسان گوێی دەزرنگێتەوەو بەهەڵە چەند ڕستەیەکیکە تەرجوومە دەکا لەزمانی خواوە ئەڵێ: ئێمە پەردەمان دادایە سەر دڵو دەرونیان،هەروەها گوێمان ئاخنین تا هیچ پەیامی ڕاستی ئیسلامنەبیستن. ئەنعام25 وَجَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِن يَرَوْاْ كُلَّ آيَةٍ لاَّ يُؤْمِنُواْ بِهَا حَتَّى إِذَا جَآؤُوكَ يُجَادِلُونَكَ يَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنْ هَذَآ إِلاَّ أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ دیسان بۆ جارێکیکە محەمەد لەبیری دەچێتەوە کە هەمان سورەی ئەنعامی25 ووتوە،چونکە جارێکیکە لە سورەی ئەشەکەوتی57 بەهەمان شێوە ئەڵێ: خۆمان گوێمان ئاخین تا ڕاستی نەبسیتن.

ئەشکەوتی57مَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ فَأَعْرَضَ عَنْهَا وَنَسِيَ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ إِنَّا جَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِن تَدْعُهُمْ إِلَى الْهُدَى فَلَن يَهْتَدُوا إِذًا أَبَدًا.

ئەمجارەیان محەمەد لە سورەی یونسی99دا ماشو برنج تێکەڵاو دەکا،چونکە ئەڵێ ئەگەر خوا بیوسیتایە هەموو دانیشتوانی سەر  ڕووی زەوی دەکردە ئیسلام! مەگەر خودی محمەد ناڵێ کە خوا ئەوی ناردوە

کە خەڵکی ڕزگار بکا، مەگەر هەرخودی محەمەد نەبوو کە وتی هاتوم بە فەرمانی خوا خەڵکی بکەم بە ئیسلام! ئەی کەوابێ بۆ ئەو هەموو خوێنەیان ڕژاند تە خەڵکی بکەنە ئیسلام،لەکاتێکدا خوا خۆی نایەوێ!؟

یونس99 وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لآمَنَ مَن فِي الأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ

محەمەد لە سورەی سوجدەی14 دا بۆ جارێکیکە گوێی دەزرنگێتەوە،ئەو وا دەبیستێ کە نەیارانی گیرۆدەبوون. بەڵام هەرچەند کە محەمەد گوێی لێ دەبێ کە نەیارانی زەلیل بوون، بەڵام گیانی بەزیی تێدا ناجوڵێت تا بیان بەخشێ. ئەو وا دەبیستێ کە دوژمنەکانی کەوتوونەتە نێو ئاگری دۆزەخ بۆیە پێیان ئەڵێ بچێژن ئازار،ئێوە ئەمرۆژەتان لە بیری خۆتان بردەوە،ئێمەش ئێوە لە بیری خۆمان دەبەینەوە!

سجدە14فَذُوقُوا بِمَا نَسِيتُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا إِنَّا نَسِينَاكُمْ وَذُوقُوا عَذَابَ الْخُلْدِ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ

پسپۆڕانی دەروونناسی یەک دەنگن کاتێک مرۆڤێک دەبینن کە لە یەک کاتدا لەدوو یا زیتردا کەسایەتیدا خۆی بەرجەستەدەکا،ئەوا ئەو ئەو کەسایەتیە تووشی شیزۆفرێنیا بوە. لەم چەند ئایەتەدا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێ کە دەرئەنجامی پێناسەکانی شیزۆفرێنیا بەسەر محەمەدا کارئەکتەری بوونی خۆی دەسەلمێنێ.

چونکە وەک پێشتر ووتمان لە پێشدا ئەڵێ دینی خۆت بۆ خۆت،هی خۆشم بۆ خۆم. بەڵام پاشتر لێی تێک دەچێ و ئەڵێ ئەوەی دینی من نەپەرژێنێ ئەو ناوەڕاستی ئاگر جێگەی دەبێ. لەوەش بەڵگەی گەورەتر خودی قورئان ئەڵێ خۆمان دڵو دەرونیانمان گرت، گوێیانمان ئاخنی تا نەبستن. کەچی پاشتر ئەڵێ دەبخۆت بەدەرتان بێ گوێتان لێمان ڕانەگرت، بەگوێی ئێمەتان نەکرد!